# حوکمی بەکارهێنانی ئامادەکراوەکانی جوانکاری بۆ پیاوان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

شێخ موحەممەد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم استعمال مستحضرات التجميل للرجال

« باللغة الكردية »


الشيخ محمد صالح المنجد



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی بەكارهێنانی ئامادەكراوەكانی جوانكاری بۆ پیاوان

**پرسیار** : ئایا حوكمی بەكارهێنانی ئامادەكراوەكانی جوانكاری بۆ پیاوان چیە، وەك بەكارهێنانی كرێم بۆ جوانی پێس و سپیكردنەوەی، ئایا ئەمە كارێكی دروستە ؟ چونكە بەكارهێنانی ئامادەكراوەكان بۆ جوانكاری پیاوان زۆر بەر بڵاو بووەتەوەلەم كیشوەرەدا ...

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

حوكمی بەكارهێنانی ئەم جۆرە ئامادەكراوانە بۆ جوانكاری، بە پێی بەكارهێنانی ئەو ئامادەكراو و كرێمانەوە لە لایەن پیاوانەوە جیاوازی هەیە، لە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی تر حوكمەكەی دەگۆرێت، ڕوونكردنەوەی ئەمەش بەم شێوەیەیە :

یەكەم : ئەگەر هاتوو بەكارهێنانی تەنها بۆ مەبەستی جوانكاری و خۆ ڕازاندنەوەبوو ئەوە دروست نییە، چونكە ئەوەی پێویستی بە خۆڕازاندنەوە هەیە ژنانن نەك پیاوان، پیاوانیش ڕواڵەتی

پیاوەتی لە زبری و بەهێزی شایانیانە، نەك نەرمی و ناسكی، كە سیفەتی ئافرەتانن .

دووەم : ئەوەی كە تایبەتە بە جوانكاری ئافرەتانەوە وەك سووركردنی لێوەكان و ڕازاندنەوەی چاو و برۆكان وڕووكەش كردنیان بە دەرمانەكانی جوانكاری، دروست نییە پیاوان بەكاریان بهێنن و خۆیانی پێ بڕازێننەوە، چونكە تایبەتە بە ئافرەتان و وەها كارێك دەبێتە خۆچواندن بە ئافرەتان، خۆچواندkیش بە ئافرەتان حەرامە و دروست نییە و یەكێكە لە گوناهە گەورەكان .

سێهەم : ئەگەر هاتوو ئەو ئامادەكراوانە بە مەبەستی لابردنی عەیب و عارێك بێت لە دەموچاودا، هیچ گرفتێك نییە و قەیدی ناكات، وەك بەكارهێنانی كرێم بۆ لابردنی زیپكەی سەر ڕوومەتو دەمووچاو، چونكە ئەمە دەچێتە چوارچێوەی عیلاج كردن و چارەسەكردنەوە .

لەم بارەیەشەوە پرسیار كرا لە شیخ محمد بن صالّح العثیمین ( ڕەحمەی خوای لێ بێت ) كە ئایا حوكمی بەكارهێنانی ئەو

مەرهەم وکرێمانە چیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ سپی کردنەوەی پێست، یان بۆ لابردنی زیپکە وچارەسەرکردنی هەندێك تێکچوونی ڕوومەت لە وەڵامدا بەرێزیان فەرموویان : بە نسبەت یەکەمیانەوە دروست نییە، واتا دروست نیە شتێك بەکاربهێنیت کە ڕەنگی پێست بگۆڕێت، چونکە ڕەنگ گۆرینی هەموو پێست زیاترە لە خاڵ کوتان کە نەفرینی لێکراوە .

بەڵام بە نسبەت چارەسەکردن و لابردنی زیپەکە و هاوشێوەکانی بە کرێم هیچ گرفتێکی تێدا نییە و قەیدی ناکات، چونکە ئەمە چارەسەکردنی نەخۆشیەکە، چارەسەکردنی نەخۆشیش هیچ تێدا نییە، جیاوازی هەیە لە نێوان کرێمێك کە بەکاربهێنرێت بە مەبەستی جوانکاری، وە کرێمێکیش کە بە مەبەستی لابردنی عەیبێك بەکار بهێنرێت، یەکەمیان دروست نییە ئەگەر هاتوو سەلما، دووەمیشیان دروستە [ ســـەیری فتاوی نور علی الدرب (٢٢/ ٢) بکە ] .

دەبێت ئاگاداری ئەو کرێم و مەوادە جوانکاریانە بین کە لە شتی پیس دروستکراون، یان لە مەوادی کیمیاوی زیان بەخش پێك دێن، ئەگەر هاتوو وابوو بەهیچ شێوەیەك دروست نییە بەکارهێنانیان.

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەڵام .